www.kurdistannet.org
3-3-2007 16:11 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کاک (نەبەز گۆران) بەزیوە ... حەمە کاکەڕەش

سوید

سەرۆ درەو بەکورد دەوەڕێت.

ئەوەی سەرەوە سەردێڕی نووسینەکەی نەبەز گۆران بوو لە کوردستان پۆست بڵاویکردەوە. بەر لە پەشیمانینامەکەی.



من وەك حەمە کاکەڕەش، هیچ سەرسام نیم بەسەرۆ قادرو نەبەز گۆران. هێندەنەبێت دەمەوێت دوو نووسینی نەبەزگۆران بەراوردبکەم کە خوایشیان یەك نییە، دەپرسم بۆ دەبێت ئێمە هیچشتێکمان لە جێگای خۆیدا نەبێت مەبەستم ئەوەیە بۆ دەبێت هەر ڕۆژەو بە بایەك بیژەنین، بۆ دەبێت هێندە خۆشباوەڕو ڕاڕاو لەخۆبایی بین ئەمرۆ بە ئاوازێك هەڵپەڕین سبەی دوژمنی سەرسەختی ئەو ئاوازەبین، ئەمرۆ خۆمان بە شۆڕەسواری مەیدانەکە بزانین و لافی ئەوە لێدەین لەشکرێك گەنج لە پشتمانەوە ئامادەن، کەچی بۆ سبەی دەست کەین بە داوالێبوردن و پاڕانەوەو ڕاو ڕێوی هێنانەوەو خۆ شاردنەوەو تەسلیم بوون.

ئەمەوێت چەند دێڕێکی کاکە نەبەز گۆران بەراورد کەم کە لەماوەیەکی کەمدا وشە بە وشە دژی یەکن ئەی شۆڕە سواری گەنجان بۆ کە دڵنیا نەبوویت دەستت کرد بە هێرشکردن بۆ سەر سەرۆ قادر کەمن بە ئێستاوە نەك وەکو تۆ هیچ ئومێدێك لە پیاوی وەك سەرۆ قادر نابینم لە هیچ ڕوویەکەوە، بەڵام بۆ تۆی سەر لەشکری گەنجان وا زوو پەشیمان بوویتەوەو دەستت کرد بە پاڕانەوەو داوالێبوردن، ئەی تۆ نەبوویت لە کوردستان پۆست نووسیبووت: چییە دەبییستم گوایە باسی ئەوە دەکەیت تۆ ئەو قسانەت نەکردووە؟! سەیرە! پێدەچێت تۆ لەو مەخلوقانەبیت وا بزانیت قسە فرێدان کارێکی ئاسانە و شاردنەوەی قسەکانیش لای ڕۆژنامە نووسە بەجورئەتەکان ئاسانە.

باشە کاك نەبەزی بەزیوو، برای بەڕێزم تۆ کەوا بە سەرۆ دەڵێیت ئەی بۆ خۆت وادەزانیت قسە فرێدان کارێکی ئاسانە و هەروا بەداوالێبوردنێك لە بیرمان دەچێتەوە، ئەی تۆ نەبوویت نووسیبووت: سەرۆ سەرۆ وا ڕاوە سەرۆ درە بە کورد دەوەڕێ، باشە کەبەقسەی جەنابت سەرۆ درەو بەکورد دەوەڕێت، بۆ وا پەشیمان بوویتەوەو داوالێبووردن دەکەیت، یان تۆ کەسێکی میزاجیت، بە هەوەسیی خۆت هێرشدەکەیت و تەسلیم دەبیت، گەروانیە بۆ هێرشدەکەیتو پەشیمان دەبیتەوە.

کاکە نەبەزگیان تۆ بەسەرۆ دەڵێیت: دە ئێستا پێم بڵێ: کۆمەڵگەی کوردی سەگە؟! خۆ ئەگەر حاشا لە قسەکانی خۆت دەکەیت دەقی کۆڕەکەت بەکاسێتەکەوە لای من پارێزراوە و تاکو ئێستاش (32) نووسخەم لێ کۆپی کردوە بۆخەڵك، دڵگران مەبە، تازووە خۆت کۆکەرەوە. باشە کاك نەبەز کە تۆ 32 نووسخەت لێ کۆپی کردوە کە دەڵێت: کۆمەڵگەی کوردی سەگە لە پای چی داوالێبووردن دەکەیت دیارە ئێستابە لاتەوە ئاساییە بڵێت کۆمەڵگەی کوردی سەگە، یان سەرۆ وای نەوتووەو تۆ پیاوایکی ئاژاوە گێڕی. ئەی تۆ نەتنووسیوە ئەگەر سەرۆ حاشا لە قسەکانی خۆی بکات دەقی کۆڕەکە لە لام پارێزراوە، ئەگەر وایە بۆ داوالێبووردن دەکەیت.

کاکە نەبەز ئەی تۆ بە سەرۆ قادرت نەوت: لەم ماوەیەشدا دەقی قسەکانی خۆت لەسەر سایتەکانی ئەنتەرنێت دەبیستیتەوە، بۆئەوە باش بزانی چیت ووتوە. ئەی کوا ئازیزم بۆ وا زوو کیسە بەتاڵ دەرچوویت، ئەترسم ئێستا منیش بەیەکێك لەوانە بزانیت کە دەڵێیت: کۆمەڵێك کەس بە ناوی خوازراوەوە هاتوونەتە ئەم شەڕەوە نا ئازیزم من بە ناوو وێنەی خۆمەوە دێم و دوو نووسینی تۆ بەراورد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکەم کە جێگای سەرنجە کەسێك ئەوا بە پێچەوانەی خۆیەوە بنووسێت، گوایە خەڵکانیتر هاتوونەتە ئەم شەڕەوەو دەیانەوێت لە پشتی نەبەزەوە پەلاماری سەرۆ قادر بدەن. نا ئازیزم من نە لە پشتی تۆوەو نە لە پشتی هیچکەسێکەوە هێرش ناکەمە سەر هیچ کەسێك، بەڵام ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستمە دوو ڕوویی تۆیە کاکە نەبەز کەوادەزانی خەڵك کێژو کاسن جەنابت هەر ڕۆژەی بە بەتێك یاریدەکەیت، کەسەرۆ بە کۆمەڵگەی کوردی بڵێت سەگ و کاسێتی کۆڕەکەت لە لایە ئیتر بۆ دەبێت پەشیمان بیتەوەو داوایلێبوردن بکەیت، کەوای نەوتووە بۆ هەروا هێرش دەکەیتە سەری سەرۆو وێنەکەی دەکەی بەسەگ، وادەزانیت هەروا ئاسن دەتوانیت هەر ڕۆژەی بە ئاوازێك بخوێنیت. کاك نەبەز بیرتچوو نووسیوتە: ئەرێ بەڕاست ئەوە بۆ بە توتکە سەگەکانی خۆت ووتوە ئاوا بەو شێوەیە پەلاماربدەن، بۆ وادەزانی بەم کارەت نەجاتت دەبێت بەدەست ئێمەوە، ئابیرم کەوتەوە، لەکاسێتەکەی مندا تەنانەت ئەوەش خەزن کراوە پاسەوانەکانت بانگ دەکەی بمگرن. باشە کەسەرۆ سەرەڕای ئەوەی بە قەولی تۆ وتویەتی کۆمەڵگەی کوردی سەگەو بە پاسەوانەکانی وتوە جەنابت بگرن ئەی بۆ داوایلێبوردنی لێدەکەیتو لەم شەڕە دەچیتەدەرەوە. ئەی بەسەرۆ قادر ناڵێیت: خۆ من هیچم نەوتوە هێشتا، حەزیش ناکەم بکەویتە خۆت و کەسانێک لەم دوایانەوە مەعاش بڕاو بکەیت، لەڕاستیدا هەرچی ئێستە دەیکەیت بەکەڵکت نایەت، تازە هەڵەکەت کرد، توتکەکانیشت هێندەی تر قووڕەکیان بۆ شێلایت. باشە کە سەرۆ قادر تازە هەڵەکەی کردووە، بۆ داوایلێبوردنی لێدەکەیت. ئەی تۆ نەبەز گیان نەتنووسیبوو

تۆ وات دەزانی ئێستەش شەڕی ناوخۆیە و پەلاماری خەڵک بدەیت و کەس قسە نەکات، نە حاجی نا، ئەوە تێپەڕی، دەزانم کاتێک ئەم نووسینە دەخوێنیتەوە هێندەی تر باری دەرونیت تێک دەچێت، بەس چی بکەم، کەوتیتە داوەکەوە، تۆ نێچیرێکی زۆر گێل بوویت، باشە کەسەرۆ وەك زەمانی شەڕی ناو خۆ پەلاماردەدات بۆ داوایلێبوردنی لێدەکەیت، باشە تۆ نووسیبووت: نە حاجی نا، ئەوە تێپەڕی، باشە کە ئەوە تێپەڕی بۆ داوایلێبوردن دەکەیت، ئەی ئەوە تۆ نە بووی نەبەز نووسیبووت: دەبێت پارتی لەوە تێبگات تۆ کێیت و ئێمەش کێین، ئێمە نە سوپامان هەیە پەلاماری خەڵک بدات، نە سەگیشمان هەیە بەبێ ئیجازە هەڵمەت بەرێ، ئەو مێژووەش ڕۆیی لەپشتی پارتیەوە جنێو بدەی، وەرە سەیری پشتی من بکە بزانە چ لەشکرێک لەگەنج، بۆنی نووسینەکانم دەکەن، باشە پارتی بەو هەموو نا حاڵیبوونەوە، چۆن تێبگات کە تۆ لە شەو ورۆژێکدا پەشیمان بوویتەوەو داوایلێبوردنتکرد، پارتی چۆن بزانێت کە لەشکرێك لە گەنج، بۆنی نووسینەکانت دەکەن کە تۆ خۆت نووسینەکانی خۆت لە بیر دەچێتەوە. سەیرکە نەبەز چی دەڵێیت: بزانە چ حەشاماتێک پەروەردە دەکەین کە نەفرەت لە پیاوە پیس و پۆخڵەکان دەکات، لەوانەیە لە ژیانتدا هەرگیز نەکەوتبیتە تەڵەی ئاواوە، بەڵام ئەمجارە گوناهی من نەبوو، گوناهی خۆت بوو، ماهیەتی تۆ زۆر لەوە بەتاڵتر بوو کە پارتی لێی تێگەیشتبوو، ئەوەتا خەریکە دەرکەوتی، جوانی منیش لەوێدایە بەحزبەکەتم ووت، تۆچیت، تەپڵ لێدەرەکانت کێن؟ ئەمانەن چەند شورەیە. تۆیەك کە ئاوا زوو چۆکدادەیت چۆن خەڵکت پێ پەروەردە دەکرێت، ئەوەتا تۆ داوایلێبوردن لەو پیاوە پیسانە دەکەیت کە بە قەولی تۆ تا پێرێ پیس بوون ئەمڕۆ پەشیمانیت و داوایلێبوردن دەکەیت، جوانی تۆ نەبەز لەوەدایە کە ماهیەتی پەتاڵی خەڵك دەرخەی یان پەشیمانبیتەوەو داوایلێبوردن بکەیت. سەیرکە نەبەز تۆ خۆیشت بوویتە یەکێك لەو تەپڵ لێدەرانەی سەر زەنشتدەکردن، نەبەزی بەزیو سەیرکە چیت بەسەرۆ قادر وتووە. داوای لێبوردن بکە، سوژدەبەرە بۆ کۆمەڵگەی کوردی تا لێت ببورێ، مەڵێ نەم ووتوە، چونکە تازە ڕۆیی کاسێتی کۆڕەکەت بە هەموو فەڵتەکانتەوە گەیشتە شارە دوورەکان و گوندە دوورەکانی ئەم وڵاتە.

ئەوە منم سەرۆ، نەبەز گۆران، باش دەزانی درۆزن نیم و درۆت لە گەڵدا ناکەم، گەر لەحاڵی من

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەپرسی زۆر زۆر باشم، کەیفی خۆتە تۆباوەڕ مەکە، ئێستا ناکێشی بەسەری خۆتا و داخ بۆ ئەو لەحزانە بخۆیت کە هەڵەکانت کرد. سەرۆ قادر نەداوایلێبوردنی کردو نەسوژدەی بردو هەرچەندە کاسێتی کۆرەکەی بە هەموو فەلتەکانەوە گەیشتە شارەدوورەکان کەچی نەبەز گۆران داوایلێبوردنی کردوو پەشیمان بۆیەوە. باشە کاك نەبەز تۆ بەسەرۆ دەڵێیت: ئەوە منم سەرۆ نەبەز گۆران، باش دەزانی درۆزن نیم ودرۆت لە گەڵدا ناکەم، گەر لە حاڵی من دەپرسی زۆر زۆر باشم، ئازیزم نەبەز کەی ئەوە باشییە کە تۆ شەلاڵی پەشیمانی و تەسلیم بوونی، سەیرکە نەبەز چی بەسەرۆ قادردەڵێیت: ئێستا ناکێشی بەسەری خۆتا و داخ بۆ ئەو لەحزانە بخۆیت کە هەڵەکانت کرد. ئەی تۆ نەبەزئێستا ناکێشی بەسەری خۆتاو داخ بۆ ئەو پەشیمان بوونەوەیە ناخۆیت.

نەبەز بە سەرۆ دەلێت: بیر لەوە ناکەیتەوە کە چۆن بەدەست گەنجێکەوە گیرت خواردوە و هیچیشت پێناکرێت؟ خۆ تێگەیشتی قودرەتی من چییە و قودرەتی تۆش چییە؟ لەم فەترەیەدا چاوەڕێی شتی زۆر لەوە گەورەتر بکە کە هەرگیز نەتبینیەوە. وەڵا بابە تێگەیشتین قودرەتی کاك نەبەز چییە لە پاڕانەوە زیاتر. کام شتی گەورەتر ها کاك نەبەز پەشیمان بوونەوەی ئۆرجیناڵ. شتی گەورەیە؟

سەیرکەن نەبەز گۆران چەن سەیردەنووسێت بەسەرۆ دەڵێت:

چاوەکانت دامەخە، دەزانم شەرمەزاریی کۆمەڵگەی، دەزانم تەریق بوونەوە خەریکە ئەتکوژێ، لەم ماوەیەدا خەڵکی ئەم وڵاتە پشتی ملت دەگرن و دەتبەنە بەردەم دادگا، کاسێتی قسەکانی خۆت و منیش شاهیدی هەڵەکانتین. باشەکە خەریکە تەریق بوونەوە دەیکوژێت، کە خەڵکی ئەم وڵاتە پشتی ملی سەرۆ دەگرن و دەیبەنە بەردەم دادگا و کاسێتی قسەکانی خۆیی و تۆی نەبەزیش شاهیدی ئیتر ئەم پەشیمان بوونەوەو پاڕانەوەیەت لە پای چی کاك نەبەز،

نەبەز بەسەرۆ قادردەڵێت: هەست دەکەم لەبەردەم سێبەرەکەمدا وەستاویت و هیچت پێناکرێت، منداڵەکانی دەوروبەریشت هەرچەند هاوارت بۆبکەن، کەڵکی نییە، تا بەیانی پێیان بڵێیت جنێوم بۆ بنووسن ناکاتە ئەو قسەیەی کە من بەتۆ بڵێم باری دەورنیت چۆنە، لەبەرئەوەی لەپێش چاومە بە دۆڕاوی دەتبینم، جارێکی تر دەیڵێمەوە تۆدەبیتە نمونەی کەوتنە بازاری هەموو بەرپرسانی ئەم وڵاتە. دڵنیاش بە گەر دەرت نەکەن هەرچۆن لەشارەکانی گەرمیان و سلێمانی و هەڵەبجە و دەربەندیخان دەبێتە هەرا، هەولێر و سۆرانیش بەهەمان شێوە چ گەنجی جوامێر و کوردپەروەری تێدایە هەموویان دێنە سەرجادەکان و ئاوابوونی تۆ و توتکە سەگەکانت دەست پێدەکات، نەبەزکام سێبەرتۆ نەك سێبەرەکەت خۆت بەزیوویت، تۆ بەسەرۆ دەڵییت:هیچت پێناکرێت ئەو هیچی نەکرد تۆ چۆکتداداو پەشیمان بوویتەوە، سەیرکە نەبەزتۆیش هەر وەك یەکێك لەو منداڵانەی دەورو بەری سەرۆ کە خۆت باسی دەکەیت دەپاڕێیتەوە، کوا لە پێش چاوتە بەدۆڕاوی سەرۆ ببینی ئەی خۆت بە چی دەبینیت، تۆ ئاوا داوایلێبوردنی لێبکەیت بۆ دەردەکرێت و دەکەوێتە بازار، کێ دەڵێت سبەی لەبەر دڵی سەرۆ قادر دژی هاتنە سەر جادەی گەنجانی گەرمیان و سلێمانی و هەڵەبجە و دەربەندیخان و هەولێر و سۆرانیش نا نووسیت. سەیرکەن نەبەزگۆران لە نووسینەکەی کوردستان پۆستا کە هێرشی کردۆتە سەر سەرۆ قادر دەڵێت:

ئەمە سەرەتایەکە بۆ گۆڕینی پاڵەوانەکانی شەڕی کوردکوژیی، سەرەتایەکە بۆ لابردنی چ پیاوی پیسوپۆخڵی ئەم وڵاتە، یەکەم گورزی ئەم گۆڕانەش بەر سەری تۆ دەکەوێت و زرنگەی دێت، دەبێت حزبەکەشت ئەوە بزانێت کاتی داکۆکیکردنی تۆ کۆتایی هات و من بوومە ئەو موسافیرەی دیوە ڕاستەقینەکەی تۆ بۆخەڵکی ئاشکرا بکەم، تەمەناش دەکەم دوای ئەم نووسینە لە داخا خەوت لێنەکەوێت، چونکە ئەمە سەرەتایەکە بۆ چەند نووسینێکی تر و دەرخستنی ئەو شتانەی کە نزیکەکانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆت پێم دەدەن و کەس پێی نەزانیون من ئیدی وردە ورە دەیانلێم. چاوەڕێبە. کەچی هەر دووای دوو ڕۆژ نەبەزداوایلێبووردن لە سەرۆ قادری پاڵەوانێکی شەڕی براکوژی دەکات. پێش ئەوەی گورز بەر سەری سەرۆ بکەوێت نەبەز باڵاگەردانی باڵای سەرۆ بوو، ئاخر نەبەزگیان حیزبەکەی سەرۆ چۆن بزانێت کاتی داکۆکیکردنی کۆتایی هات کە تۆ خۆت پەشیمان بوویتەوەو چۆکتدادا، کاک موسافیر موسافیری پەشیمانی ئەی کوا خۆ تۆ وتت ئەم نووسینەم نووسینی تری بەدوادادێت باسی پەشیمانینامەت نەکردبوو.

لە کۆتایدا ئەوە دەڵێم نەبەزگۆران لە نووسینەکەی کوردستان نێت دا تەواو نەبەزیکی بەزیوەو لە پەنای هەندێك بەهانەی بێ سەرو بەردا پەشیمان بوونەوەو چۆکدادانی خۆی ڕاگەیاند، منیش هەر ئەوە بە کاک نەبەز گۆران دەڵێم هیوادارم واتێنەگات کە من کەسێکبم لە ئەهلی سەرۆ قادرو حیزبەکەی سەرۆ قادر.

تێبینی هەموو دێڕە سوورکراوەکان قسەی کاك نەبەزگۆرانن لە نووسینەکەیەوە وەرگیراون.

حەمە کاکەڕەش. سوید
Heme_kaka_rash@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.